kurdisch

## سەوز لیستی کراوەی کۆچبەران

ئێمە هەمووومان لە شاری کۆلن دەژێین ، هەندێکمان لێرە لەدایک بووینە ،هەندێکی ترمان لە شوێنێکی تر. بەیەکەوە دەمانەرێ سیاسەت بکەین بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لێرە دەژێن ، جا ئاساییە لێرە لەدایک بووبێتی یان نا.

## پەیڕەو پڕۆگرامەکانمان

### 1. بەشداری سیاسی

پێویستە لەسەر هەموو ئەو مرۆڤانەی کە لە شاری کۆلن دەژین ، هەمان ماف و چارەنووسیان هەبێت، پێکهاتە و هابەشی سیاسی بن.
دەمانەوێت بەجۆرێک وا خۆمان بەهێز بکەین کە تەنانەت ئەگەر هاووڵاتی یەکێتی ئەوروپاش نەبیت ، مافی هەڵبژاردنی هەرێمیت هەبێت.

### 2. ڕێبەرایەتی شارەوانی

پێویستە لەسەر ڕێبەرایەتی شارەوانی دانشتوانی شاری کۆلن بەرجەستە بکات، ئێمە دەمانەوێت بۆ ئەوە خۆمان بەهێز بکەین، کە کۆنسێپت و چەمکی هەستیاری هەمەجۆرێی و بەیەکەوە ژیان لەڕێبەرایەتی شاری کۆلن ببێتە ڕێباز.

### 3. ژێرخانی کۆمەڵایەتی وچاودێری تەندروستی

پێویستە ساختەرە پێگەیشتووەکان بە پتەوی بمێنێتەوە و ژێرخانی کۆمەڵایەتی زیاتر بەهێزتر بێت، ئێمە ئەمانەوێت خۆمان بەهێزتر بکەین کە پشتیوانی ناوەندە نێوفەرهەنگییەکان ، نەک تەنها کارێکی دڵخوازی بێت بەڵکوو ئەرکێکی بەزۆری بێت لە ڕێبەرایەتی هەرێمی ئەژمێر بکرێت و چاودێری بابەتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی لە ناو کۆچبەرانی شاری کۆلن بەهێزتر بکر`ێت .

### 4. ڕەگەزپەرستی و نەژادپەرستێتی

کەسانی ڕەشپێست و کەسانی کۆچبەر و بێگانە زۆر دەناڵێنن بە دەستی توند وتیژی و جردایی بەدەستی نەژادپەرستەکانەوە، ئەمانەوێت خۆمان بۆ ئەوە بەهێز بکەین بۆ ئەوەی کە NSU سۆسیالیستی نەتەوەیی ژێرزەمینی درک بەراستییەکان بکەن وە شاری کۆلن بنەبڕبکرێت لە هەموو دیاردەیەکی نەژادپەرستی.

ساختکردنی دەوڵەت بۆ ژینگەپارێزی و کۆمەڵپارێزی ... سەوز لەخوارەوە بۆ هەموو کەسێکە !
ژینگەپارێزی خۆی لە خۆیدا دادپەروەری کۆمەڵایەتییە و لەمەوە دەبێت ئەم پرسە یەکێک لەدەست پێکی کارە هەرە گرنگەکانی دەوڵەت بێت وە پتەوی بکات، ئێمە دەمانەوێت لێرە خۆمان بەهێز بکەین کە لە هەموو بڕیارەکان لێپێچینەوە بکەین لەسەر کارەکانی ژینگە پارێزی.

### 6. پەروەردەو زانست (باخچەی ساوایان، قوتابخانەکان، دەروازەی خوێندن و کارو پیشە ، زانیاری)

ئامانجی ئێمە یەکسانی پەروەردەیە لەهەموو بوارەکاندا،بۆ هەموو تەمەنەکان، بەپێی بوارەکە ، هەمیشە سەرچاوەیەکی هەیە.
ئێمە هەموو هەوڵو تەقەلایەک دەدەین بۆ بەرفراوانکردنی خوێندنگا ڕۆژانەکان ، بە بەشدارکردنی و پاڵپشتی دەزگا کۆمەڵاییەتەکانی تر.

### 7. بەشداری فەرهەنگی و کاتی پشوو

لە ڕێگای بەرنامەڕێژی ڕاستەقینەی شارەوانی وە لەنزیکەوە چاودێری کردن ، دەبێت هاوسەنگییەک درووست بکەین لە نێوان دەزگا حکومیەکان سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان و جێگا بازرگانییەکان وە خانوو بەرە ، ئێمە دەمانەوێت خۆمان بە هێز بکەین بۆ ئەوەی das Areal Hallen Kalk لەم شوێنە ڕێکخراوێک سازبکەن بۆ خزمەت وپشتیوانی پەنابەرو کۆچبەران .

### 8. میدیاکان

ژێرخانە دیجیتالییەکانی داموودەزگا گشتییەکان وهەموو جێگاکانی تر وەکوو کەمپی پانابەران و کەسانی بێ لانە و جێگا، پێویستە زیاتر بەرفراوانتر بکرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش نتوانن بەشێوەیەکی ئاسان و بێ کۆسپ و تەگەرە بگەنە مەبەست و ئامانجەکانیان لە خوێندن و هەلی کار هەموو زانیارییە گشتییەکان، ئێمە بۆ ئەم مەبەستە خۆمان بەهێز دەکەین لە نێو چوارچێوەی هەموو میدیاکانەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان.

### 9. توانای هاتووچۆ کردن

شارەوانییەکەمان پێویستە لەسەری کارێکی وا بکات کە ئیتر هاتوو چۆ بە ئۆتۆمبیلپەیتا پەیتا کەم بکرێتەوە و پێویست نەکات، ئێمە هەوڵدەدەین کە هەموو هاتوو چۆیەک ناو شاری کۆلن بۆ هەموو دانشتووانی بە خۆڕایی بێت.

### 10. نیشتەجێ بوون

ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە زۆرترین یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هەمووان زیاد بکەین، وە هەوڵ دەدەین دژی بەدوورخستنەوە دوورە پەرێز گرتنی کەسانی خاوەن پێویستی بە خانوو وجێنیشین وە دەبێت خانوو بەرە بۆ هاموو کەسێک بەدەست بکەوێت.

### 11. کارکردن

ئێمە دەمانەوێت لە پرەنسیپی کۆمەککردن بۆ داوالێکردن دووربکەوینەوە ، دەمانەوێت خۆمان بەهێز بکەین بۆ ئەوەی هەلی کار بۆ هەمووان بێت وە بۆ بێکاران هەمیشە هەلی کاری گوونجاو هەبێت .
ئایە مرۆڤێک پێویستی بە چییە بۆ ئەوەی بچێتە سەر کارێک ؟ بۆیە ئێمە بۆ هەموو بابەتێک کراوەین.

**دڵنیابن ئێمە کار لەسەر هەموو ئەم پرسانە دەکەین ، ئەوەی تەنها لەسەر تۆیە تەنها دەنگدانە.. بچن بۆ دەنگدان!**

# Integrationsratswahlen 2020

*Grün-offene Liste Köln! Liste 3 wählen!*



Elizaveta Khan



Dorsa Minipour



Ahmet Sinoplu



Ahmet Edis



Mona Leitmeier



Jaroslaw Bak



Omar Daroui



Barbara Brunelli



Nikolay Barbov



Izabella Alibajro



Khalid Boussaad



Hasret Karacuban



Baran Dindar



Arif Ünal

## WÄHLEN GEHEN

13. SEPTEMBER 2020 · LISTE NR. 3

**WWW.GOL-KOELN.DE**

FOLGT UNS AUF FACEBOOK & INSTAGRAM

SCAN MICH

**GRÜN OFFENE LISTE KÖLN**

Ihre Stimme für Köln